# زەکات لە ئیسلامدا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**سایتی دەزگای ڕۆشنبیری نووری حیکمە**

www.alhikmaa.com

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الزكاة في الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

موقع مؤسسة نور الحكمة

www.alhikmaa.com

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زەکات لە ئیسلامدا

(الزكاة) لە بنەڕەتی زمانی عەرەبیدا بەدوو مانا دێت، یەکەمیان: پەرەسەندن و گەشەکردن، دووەمیان: پاك بوونەوەو خاوێن بوونەوە.

بۆ مانای یەکەمیان وەکو عەرەب وتویانە:(زكاة الزرع) واتە پەرەسەندن و گەشەکردنی کشتوکاڵ، بۆ دووەمیان وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾، واتە: (پێیان پاك و خاوێن بکەوە)، بۆیەش ئەو حەقەی کە خوای گەورە لەسەر ماڵی داناوە ناونراوە زەکات بەهەردوو مەبەست بەکاردێت:-

بەمەبەستی یەکەم: چونکە بەخشینی ئەو سامانە دەبێتە هۆی پەرەسەندن و زیادبوونی ماڵ و سامان، وەکو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: «مَا نَقَصَ مَالٌ مِنْ صَدَقَةٍ» ، واتە:(هیچ ماڵ و سامانێك بە بەخشین کەم ناکات).

بۆ مەبەستی دووەم: چونکە بەخشینی ئەم ماڵە دەبێتە هۆی پاك کردنەوەو خاوێن کردنەوەی نەفس لە خراپەی ڕەزیلی و نەبەخشین، وە یاخود چونکە دەشبێتە هۆی پاك بوونەوە لەگوناهەکان.

وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ [التوبة: ١٠٣]، واتە(ئەی موحەممەد (صلی اللە علیە وسلم) لە سامانەکەیان زەکات وەرگرە بۆ ئەوەی دڵ و دەروونیان پێ پاك ببێتەوەو گوناهەکانیان بسرێتەوەو چاکەکانیان زیاد ببێ و بشگەنە پلەی هەرە بەرز، وە دوعای چاکیان بۆ بکە چونکە دوعای تۆ دڵئارامی و ئۆقرە بەخشە بۆیان، خوداش زۆر بیسەندەو زۆر زانایە)

ئاشکرایە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم)دووپاتی لەسەر پێویست بوونی زەکات کردۆتەوە، وە پلەو پایەی لەدینی خوادا ڕوون کردۆتەوە، کە یەکێکە لەپایە گرنگەکانی ئەم دینە، وە ئێمەی هانداوە کەوا جێبەجێی بکەن و ئاگادارمان دەکاتەوە لەپشت گوێ خستنی لەچەندەها فەرموودەدا بە شێوازی جیاجیا، ئەوەتا لەم فەرموودەیەدا کە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) بینایەی ئیسلاممان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لەسەر پێنج بنچینەو کۆڵەگەی سەرەکی ڕاوەستاوە، وەکو دەفەرموێ: «بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ وَأَنّ مُحَمّدًا رَسُولُ اللّهِ، وَإِقَامِ الصّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصِيَامِ رَمَضَانَ».

بۆیە زەکات سێیەم کۆڵەگە و پایەی گرنگی ئیسلامە، کەبەبێ ئەو بینای ئیسلام ناتوانرێ بنیات بنرێ.

بەڵام خوای گەورە زۆرجار لەقورئاندا باسی دوو پایەی هەرە گرنگ دەکات و دووپاتی دەکاتەوە ئەوانیش نوێژو زەکاتن کە لە زیاتر (٢٨) شوێن بەیەکەوە باسکراون، وە پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم)لەفەرمانەکانی و بانگەوازی بۆخەڵك یاخود لەوەرگرتنی بەیعەت، نوێژو زەکاتی لەپێشەکی کارەکاندا باسکردووە، چونکە نوێژ گەورەترین پەرستشی لاشەیەو زەکاتیش گەورەترین پەرستشی داراییە.

ئەگەر تەماشای ناوەڕۆکی زەکات بکەین،گەورەیی و دانایی ئیسلاممان بۆ دەردەخات لەتێڕوانینی بۆ بواری ئابووری، بەشێوەیەك زەکات دەبێتە هۆی پاك بوونەوەی دڵ و دەروونی دەوڵەمەندەکان و بیرخستنەوەیان کە ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ماڵە نین بەڵکو بەشێوەیەکی کاتی لەبەردەستیانە، وە هەروەها هەژارانیش دەهێنێتەوە بیریان بۆئەوەی بەخشین و فەزڵی پەروەردگاریان لەیاد نەچێت.

وە زەکات دەبێتە هۆی ئەوەی هەژاران زیاتر ڕۆنەچن لەهەژاریداو بە شێوەیەك کەس نەبێت یارمەتیان بدات، بەمەش هەست بەوە ناکەن کە توێژێکی وەلانراوو لەبیرکراوبن لەلایەن دەوڵەمەندانەوە، بۆ ئەوەی رق و کینە لەنێوان چین و توێژەکانی موسڵمانان بڵاونەبێتەوە و هەموویان بەبرایی و تەبایی بژین.

بۆیه دەبینین ئیسلام دیدێکی ناوەندگیر (وسط)ی هەیه لەم بارەوە، نەتەواوی ئازادی ئابووری قۆرغ کردووەو بازاڕی پەکخستووە وەکو ڕێبازی (شیوعیەت)، وە نەئازادی ڕەهای داوە بەبازاڕو ئابووری و پشت گوێ خستنی هەژاران و چەوساوان، بەشێوەیەك دەوڵەمەند هەر لەدەوڵەمەندی خۆی زیاد بکات و هەژاریش لەهەژاری خۆی، وەکو ڕێبازی (لیبراڵی)، بەڵکو باشترین ڕێبازو چاکترین ئابووری لەئیسلامدا بەرجەستە بووە کەهیچ لایەنێکی وەلا نەناوە لەسەر حیسابی لایەنەکانی تر.